هەرێمی کوردســـتان - عیراق
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتــی دارایــی و ئابووری
بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری
ب/ دیراسات و لێکۆڵینەوەو بەدواداچوون

Kurdistan Region – Iraq
Presidency Council of Ministers
Ministry of Finance & Economy
General Directorate of Accounting

اقليم كوردســتان - العراق
رئاســة مجلـس الوزراء
وزارة المالية والاقتصاد
مديرية المحاسبات العامة
م/ الدراسات و الابحاث و المتابعة

ژمارە: ٩/٤ / ١١٩٤ رێکەوت: / / ٢٧١٧ کوردی رێکەوت: ١٢ / ٦ / ٢٠١٧زایینی

## ڕێنمایی دارایی ژمارە ( ٢٠ )

## بۆ/ گشت وەزارەتەکان و فەرمانگەکانی نە بەستراو بە وەزارەت

## ب/ لێبڕینی ڕاستەوخۆ لە سەر داهاتی کارمەندانی کەرتی تایبەت

پاڵپشت بە حوکمەکانی بڕگە(٤)ی ماددەی(٦١) لە یاسای باجی دەرامەت ژمارە (١١٣) ساڵی (١٩٨٢)ی هەموارکراو و نووسراوی بەڕێز سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە / ١٣٩٣ لە ٢٠١٧/٣/٢٦ و پەیڕەوی ژمارە (٢) ی ساڵی /٢٠١٧ تایبەت بە لێبڕینی ڕاستەوخۆ لە سەر داهاتی کارمەندانی کەرتی تایبەت بڕیاردرا بە :-

**بەشی یەکەم / سەپاندنی باج**

**ماددەی یەکەم /**

**یەکەم :** باج دەسەپێندرێت بە شێوەی لێبڕینی ڕاستەوخۆ لەسەر داهاتی کارمەندانی کەرتی تایبەت (منتسبین القطاع الخاص) لە ماوەی ساڵی دارایی، بەپێی ئەم پەیڕەوە مەبەست لە کارمەند هەر کەسێک بە کرێ یان مووچە لە کەرتی تایبەت کار بکات لەگەڵ ئەم تێبینیانەی خوارەوە :-

أ- باج دەسەپێندرێت لەسەر داهاتی کارمەند بە ناوی خۆی، دوای ئەوەی لێبوردنی یاسایی و داشکاندنەکان (تنزيلات)ی پێدەدرێت بە گوێرەی ڕێنماییەکان .

ب- باج دەسەپێندرێت لەسەر داهاتی کەسی نیشتەجێ کە لە هەرێمی کوردستان کار دەکات.

ج- باج دەسەپێندرێت لەسەر داهاتی کەسی نانیشتەجێ (غير مقيم) کە لە هەرێمی کوردستان کار دەکات، تەنانەت ئەگەر مووچەکەی لە کوردستانیش وەرنەگرێت.

د- باج ناکەوێتە ئەستۆی کەسی نا عێراقی کە لە کوردستان نیشتەجێیە و سەرچاوەی داهاتەکەی لە دەرەوەی کوردستانە .

**دووەم :**

أ- مەبەست لە کارمەند: کرێکار یان فەرمانبەری کەرتی تایبەتە کە کارێک دەکات بەرامبەر کرێ یان مووچە .

ب - مەبەست لە ساڵی دارایی ئەو ساڵەیە کە داهاتەکەی تێدا دەست دەکەوێت کە لە سەرەتای کانوونی دووەمی هەموو ساڵێک دەست پێدەکات و لە (٣١)ی کانوونی یەکەمی هەمان ساڵ کۆتایی پێدێت .



Hawller/ Beside Sami Abdulrahman Park
Phone: 2560068-2560069-2528254
Email: gd_finance@yahoo.com
هەولێر/ تەنیشت پارکی سامی عبدالرحمان
تەلەفۆن : ٢٥٦٠٠٦٨ – ٢٥٦٠٠٦٩ – ٢٥٢٨٢٥٤

**سێیەم :** باج دەسەپێندرێت لەسەر داهاتی ئەو کەسەی تەمەنی لە خوار هەژدەساڵییە و هاوسەرگیری نەکردووە، بەم شێوەیەی خوارەوە :

أ- لەکاتی ئامادە نەبوونی دایباب(الوالدین) وەکو مردن، کەسی خوار تەمەنی هەژدە ساڵی و هاوسەرگیریشی نەکردبێ وا دادەنرێ بۆ خۆی باجدەرێکی سەربەخۆیە و باجەکەشی بە ناوی ڕاسپێردراو یان(القیم) دەبێ .

ب- داهاتی کچ و کوڕی بێ هاوسەر کە تەمەنیان لە خوار هەژدە ساڵییە دەخرێتە سەر داهاتی باوکی و باجەکەشی بە ناوی باوکی دەبێت.

ج- ئەگەر کەسێک تەمەنی لە خوار هەژدە ساڵیدا بێت و هاوسەرگیری نەکردبێت و باوکیشی مردبێت، ئەوا وەکو باجدەرێکی سەربەخۆ ئەژماری بۆ دەکرێت و باجەکەی بە ناوی دایکی یان ڕاسپێردراو یان (القیم) دەبێ .

**چوارەم :** ئەگەر کەسێک تەمەنی لە خوار هەژدە ساڵیدا بێ و هاوسەرگیری کردبێ وەکو باجدەرێکی سەربەخۆ مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت و باجەکەشی بەناوی خۆی دەبێ .

## بەشی دووەم

## ئەو داهاتانەی باجیان دەکەوێتە سەر (المدخولات الخاضعة للضریبة)

**ماددەی دووەم/**

**ئەم داهاتانەی خوارەوە باجیان دەکەوێتە سەر :**

**یەکەم : موچە و کرێ :**

أ- موچەی بنەڕەتی کە کارمەند دەستی دەکەوێت .

ب- کرێی ئەو کارە ئیزافییانەی دەیکات .

**دووەم :** دەرماڵەی نیشتەجێبوون و حەوانەوە لەگەڵ ڕەچاوکردنی حوکمەکانی ماددەی (٥) لەم ڕێنماییە، بەم شێوەی خوارەوە:

أ- دەرماڵەی نیشتەجێبوون و حەوانەوە ملکەچی باج دەبێت کە ڕاستەوخۆ بە تەواوی وەریدەگرێ .

ب- ئەگەر کەسی خاوەن کار شوێنێ حەوانەوەی بە خۆڕایی بۆ کارمەندەکانی دابین کرد ئەوا ئەم ڕێژانەی خوارەوە دەخرێتە سەر مووچەکەی، بەم شێوەی خوارەوە:

١- ڕێژەی (١٥ %) لەسەدا پازدەی لە کرێی یان موچەی مانگانە بۆ خانوبەرەی کە کەلوپەلی ناو ماڵی تێدا نەبێ (غیر المؤثثة).

٢- ڕێژەی ( ٢٠%) بیست لە سەدا لە کرێ و موچەی مانگانە بۆ خانووێک کە کەلوپەلی ناو ماڵی تێدابێت (المؤثثة).

ج - ئەگەر کارمەند بەشێک لە باڵەخانە یان خانووی کردە شوێنی نیشتەجێبوون یان حەوانەوە ئەوا (١٠%)ی لە کرێ یان موچەی مانگانەی دەخرێتە سەر.

د - ئەگەر خاوەن کار کارمەندەکانی خۆی لە هوتێلێک نیشتەجێ کرد و دەرماڵەی نیشتەجێبوونی بۆ خەرج نەکردن، ئەوا (٢٠%) بیست لە سەدا لە کرێی یان موچەی مانگانەی دەخرێتە سەر داهاتەکەیان بەرامبەر بەوەی کە کرێی نیشتەجێبونیان لێ وەرناگیرێت .

هـ- ئەگەر خاوەن کار کەرەڤانە و خانووی سەفەری بۆ کارمەندەکانی دابین کرد وەک شوێنی نیشتەجێبوون و حەوانەوە بەکاری بێنێت ئەوا لەو کاتەدا (٥%) پێنج لە سەدا دەخرێتە سەر کۆی کرێی یان مووچەی مانگانەی .

و- لە هەموو حاڵەتەکاندا ئەو بڕە زێدەکییانەی دەخرێتە سەر داهاتی کارمەند نابێ زیاتر بێ لە بەرامبەر بڕی کرێی فیعلی یان خەملێنراوی مانگانە .

ز- ئەگەر کارمەند مافی دەرماڵەی نیشتەجێبوونی هەبوو بە پێی گرێبەستی دیاریکراو و خاوەن کاریش شوێنی نیشتەجێبوونی بۆ دابین کرد لە بەرامبەردا بە گوێرەی گرێبەست هیچ دەرماڵەیەکی بەو ناوەوە پێنەدا، ئەوا ڕەچاوی ئەوە دەکرێت کە لە برگەی (ب)ی ئەو ماددەیەدا هاتووە بەوەی دەرماڵەی تەرخانکراو زیاتر نەبێ لە گرێبەستی کار .

**سێیەم** : دەرماڵەی خواردن بەم شێوەی خوارەوە دەبێ :

أ-دەرماڵەی خەرجکراوی خواردەمەنی بە تەواوی باجی دەکەوێتە سەر .

ب - ئەگەر خاوەن کار ژەمێکی یان چەند ژەمێکی خواردنی بۆ کارمەندانی بێ بەرامبەر دابین کرد یان پشکداری کرد لە دابین کردنی ئەوا (١٠%) دە لە سەدای ئەو بڕە دەخرێتە سەر کرێی یان موچەی مانگانە بە مەرجێک زیاتر نەبێت لەو خەرجیەی کە بڕیاری لەسەر دراوە یان بۆ ژەمە خۆراکیەکان خەرج دەکرێت یان ئەو بڕەی وەکو پشکدارکردن لە ئامادەکردنی خەرج دەکرێت و بڕی کامەیان کەمتر بوو وەردەگیرێت .

**چوارەم** : ئەو دەرمالانەی کارمەند وەریدەگرێت بەگوێرەی ئەوەی خاوەن کار دیاری دەکات وەکو :

١- دەرماڵەی بیمەی تەندروستی .

٢- دەرماڵەی شوێنی جوگرافی .
٣- دەرماڵەی ترسناکی و دەرماڵەی ئاوارتە (الاستثنائية) .
٤- دەرماڵەی کۆی ڕاژە (خدمة الجامعيە) .
٥ - دەرماڵەی ڕاژەی دەرەکی .
٦ـ دەرماڵەی چاودێری .
٧- هەر دەرماڵەیەک کە خاوەن کار بڕیاری لەسەر دەدات .
٨- ئەو بڕە پارەیەی کە خاوەن کار دەیداتە کارمەندەکانی کە پەیوەندی بە خەرجی جێبەجێکردنەوە نییە، بۆ نمونە وەکو پاداشت (المكافئآت) .
٩- بەهای هەر تایبەتمەندییەکی تر کە لە بڕگەکانی (١ تا ٨ ) دا نین و پەیوەندییان نییە بە جێبەجێکردنی کارەکەوە .

## بەشی سێیەم

## داشکاندنەکان ( التنزيلات )

**ماددەی سێیەم /**

بڕێک لە داهاتی کارمەند کەم دەکرێتەوە لە ماوەی ساڵی بەدەستهێنانی داهاتی بەپێی بەڵگەنامەی باوەڕ پێکراو، بەم شێوەیە :

**یەکەم :** بەهای کۆی دەرماڵەکان بە مەرجێک زیاتر نەبێ لە (٣٠%) سی لەسەدی موچەی بنەڕەتی .

**دووەم:** ڕاگرتن (التوقيفات)ەکانی خانەنشینی و ئابوونە بریار لێدراوەکان (الاشتراكات المقررە) بە یاسای خانەنشین و دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکاران .

## بەشی چوارەم

## لێبوردنی یاسایی

**ماددەی چوارەم /**

**یەکەم :** لێبوردنی یاسایی دەدرێت بە هەر کەسێک پێش سەپاندنی باج پاڵپشت بە یاسای ژمارە (٢٠)ی ساڵی (٢٠١١)ی هەرێمی کوردستان، بەم شێوەی خوارەوە :

(١,٠٠٠,٠٠٠) یەک ملێون دینار مانگانە لە مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم بۆ هەموو پلە وەزیفیەکانی ئەوانەی لە کەرتی تایبەتن و بە فەرمی تۆمار کراون و خاوەن پۆست و پلەی وەزیفی تایبەتن .

**دووەم :** هەر کارمەندێک تەنیا یەک جار لێبووردنی یاسایی وەردەگرێت ژمارەی سەرچاوەی داهاتی هەر چەند بێت .

**سێیەم :** ئەگەر کارمەندێک لە زیاتر لە شوێنێک کاری کرد، ئەوا تەنیا لەو شوێنە لێبووردن وەردەگرێت کە کاری سەرەکی تێدا دەکات و کارە لاوەکییەکانی بەر لێبووردن ناکەون .

## بەشی پێنجەم

## بەخشراوەکان و ئاوارتەکان (الاعفاءات و الاستثناءات)

**ماددەی پێنجەم /**

**ئەم داهاتانەی خوارەوە لە باج بەخشراون :**

١- مووچەی خانەنشینی و هەموو جۆرە بەخشینێکی کۆتایی ڕاژە بۆ ئەو عێراقییانەی لە هەرێمی کوردستان نیشتەجێن .

٢- ئەو خەرجیانەی بە مەبەستی چارەسەری تەندروستی بۆ کارمەند دابین دەکرێت لە کاتی پێکران یا تووشبوون بە نەخۆشییەک لە میانەی کارەکەیدا .

٣- هەر بڕە پارەیەک کە وەکوو قەرەبوو بۆ کەسوکاری کارمەندی کۆچکردوو، یان قەرەبوویەک بۆ کارمەند لە بەرامبەر پێکران یان کۆچی دوایی خەرج دەکرێت .

٤- دەرماڵەی ئەوانەی بۆ خوێندن دەنێردرێن یان ڕاهێنانی تایبەت بە کارەکەی پێدەکرێت .

٥- نرخی پلیتی گەشتکردن یان ئەو خەرجییە حەقیقیانەی کە بۆ خەڵکی بیانی خەرج دەکرێ بەرامبەر بە گرێبەست کردن یان نوێکردنەوەی گرێبەست لەگەڵیان یان جێهێشتنی هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی یەکجاری بۆ کاتی کۆتایی هێنان بە کارەکانیان یان سەفەر کردنیان بە مۆڵەت .

٦- دەرماڵەی شاند کردن یان دەرماڵەی شوێنی جوگرافی ئەو کارمەندە بیانییانەی کە خاوەن کارەکانیان لە دەرەوەن، بەڵام بە هۆی کارەکانیان لە هەرێمی کوردستانن یان لقێکی کۆمپانیاکەیان لە کوردستانە، بە مەرجێک ئەم بڕە زیاتر نەبێت لە (٢٥%)ی مووچەی بنەڕەتی، هەروەها بەو مەرجەی بیسەلمێنێت دەرماڵەکەی بە شێوەی جیا لە موچەی مانگانە وەریدەگرێت .

٧- ئەو مووچە و دەرماڵانەی کە دامەزراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بودجەی خۆی دابینی دەکات بۆ فەرمانبەر و کارمەندە نا عێراقیەکانی کە لە هەرێمی کوردستان نیشتەجێن.

٨- ئەو مووچە و دەرماڵانەی نوێنەرایەتی عەرەبی یان بیانی بۆ کارمەندە دبلۆماسییەکانی خەرج دەکات، ئەوانەی کە عێراقی نین و لە هەرێمی کوردستان نیشتەجێن، بەڵام ئەوەی بۆ فەرمانبەری نادیبلۆماسی کە کارمەندی کونسڵخانە بیانییەکان (ئەوانەی عێراقی نین و لە هەرێمی کوردستان نیشتەجێن)

دەتوانری لە باج ببەخشرێن بە بڕیارێک لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە، بە مەرجێک هاوشێوە بێت لەگەڵ مامەڵەی بەرامبەر (المعاملة بالمثل) .

٩- مووچە و دەرماڵەی فەرمانبەری ئاژانس و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان (ئەوانەی عێراقی نین و لە هەرێمی کوردستان نیشتەجێن) ئەوانەی پەیوەستن بە دامەزراوەی نەتەوە یەگرتووەکان و ئەو ڕێکخراوانەی لەناویدا کار دەکەن .

## بەشی شەشەم

## پێوەری باج (مقياس الضريبة)

**ماددەی شەشەم /**

باج دەسەپێندرێت لەسەر داهاتی کارمەند دوای لێشکاندن و لێبوردنی یاسایی و بەخشین و ئاوارتەکان (الاستثناءات) ئەوەی هاتووە لە ماددەکانی (٤) و (٥)ی ئەم ڕێنماییە بە گوێرەی ئەژمار کردنی مانگانەی باج بەرێژەی(٥ %) .

## بەشی حەوتەم

## باجگری (جباية)

**ماددەی حەفتەم /**

**یەکەم :** لەسەر هەموو خاوەن کارێک یان کارمەندێک کە لەلای خاوەن کارێکی نانیشتەجێی کە لە هەرێمی کوردستان کار دەکات ، پێویستە بڕی باجی سەپاو بداتە بەشی لێبڕینی ڕاستەوخۆ لە فەرمانگەی باج لە پارێزگاکەی خۆی، لە وادەی دیاریکراو بەپێی ماددەی (هەشتەم)ی ئەم ڕێنماییە .

**دووەم :** بەگوێرەی ماددەکانی (٥٩،٥٨،٥٧،٥٦) لە یاسای باجی دەرامەت ژمارە (١١٣)ی ساڵی١٩٨٢ی هەموارکراو، هەر کەسێک زانیاری ناڕاست پێشکەش بکات یان ئەرکە کەڵەکەبووەکانی جێبەجێ نەکات ڕێکاری یاسایی بەرامبەر وەردەگیرێت .

**هەر بۆ نموونە :** پێ بژاردنێك کە بڕەکەی (٧٥ ٠٠٠) دیناری عێراقی ئەژمار دەکرێت ئەگەر ڕاپۆرتی وەرزی یان ساڵانەی پێشکەش نەکرد بەپێ ی ماوەی دیاریکراو لە ماددەی (هەشتەم) ی ئەم پەیڕەوە .

# بەشی هەشتەم

## چۆنیەتی لێ بڕین و وادەکانی باجدان

**ماددەی هەشتەم /**

بە مەبەستی یەکلاکردنەوە و دانی باج لە وادەی خۆیدا پێویستە خاوەن کارەکان پەیڕەوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکەن :

**یەکەم :** دانانی تۆمارێکی تایبەت بە موچە و کرێ و دەرماڵەی هەر کارمەندێک، تەنانەت هی ئەوانەش کە لەباج بەخشراون. خاوەن کار بەرپرس دەبێ لە دانی باجی سەپاو، هەروەها بەرپرسە لەو تۆمارە تایبەتە. ئەو تۆمارە دەشێ لەلایەن لایەنی تایبەتمەند وردبینی بۆ بکرێ. هەروەها دەبێ ئەو تۆمارە هەموو زانیارییەکی پەیوەندار بە کارمەندی تێدابێت، بە تایبەت:

أ - ناوی خزمەتگوزار و کارمەند و کرێکار و هاریکار و هتد...

ب - بڕی موچە و کرێ و قەرەبووی هەر جۆرێکی دیکەی سودمەندبوونیان.

ج - جۆری کار و جۆری کرێکەیان (مانگانە، رۆژانە ، بەسەعات).

د - رێکەوتی دەست بەکاربوونیان، ئەگەر لەسەر کار نەمابوون رێکەوتی دابڕانیان لە کار، یان بەڕێکردنیان .

هـ - دیاریکردنی ئەو بڕەی پێویستە دابشکێندرێت لە پوختەی داهاتەکەی و دەقی ئەو یاسایەی ڕێگە بەو داشکاندنە دەدات .

و - بڕی باجی بڕاو لە مووچە لەو حاڵەتەی کە کارمەند باجی کەوتووەتە سەر .

**دووەم :** باج دەبڕدرێت لە داهاتی کارمەند لە هەموو مانگێک لە مانگەکانی ساڵی دارایی بە گوێرەی ئەم رێنماییە. باجی بڕاو دەنێردرێتە بەشی لێبڕینی راستەوخۆ لە رێگەی ئەو

بانکە حکومییانەی کە لایەنی پەیوەندیدار دیاری دەکات تاکو ماوەی (٢١)ی کۆتا مانگی هەر وەرزێک .

**سێیەم :** پێویستە لەسەر خاوەن کار لە ماوەی دیاریکراو کە لە بەندی (دووەم)ی ئەم ماددەیەدا هاتووە، راپۆرتی وەرزی پڕ بکاتەوە (نمونەی ژمارە (م ١) ) بۆ باجی لێبرینی راستەوخۆ بۆ مووچە و کرێ، کە ئەم راپۆرتە ئامادە کراوە لەلایەن بەشی لێبڕینی راستەوخۆوە. ئەگەر دەرکەوت لە راپۆرت هەڵە و بە سەهووچوونی وای تێدایە ئەنجامی باج دەگۆڕێت، خاوەن کار مافی هەیە راپورتێکی دیکەی هەموارکراو پێشکەش بکات و تێیدا هەڵە و بەسەهووچوونەکان دیاری بکات، ئەگەر بەهۆی هەڵەوە باجی کەمی دابوو ئەوا دەبێ باجەکەی تەواو بدات لەگەڵ زێدەکی و پێبژاردنی دواکەوتن ئەگەر کەوتە ئەستۆی، ئەم هەموارکردنەوەیە تا ماوەی (٥) ساڵ دوای کۆتایی هاتنی

ساڵی باج دەکرێت، کە پەیوەندیدارە بە هەموارکردنەوە، بە مەرجێک باجدەر حەواڵە نەکرابێ بۆ (دەرس). هەروەها خاوەن کار بە پێی بەندەکانی (پێنجەم) و (حەفتەم)ی ئەو ماددەیە ملکەچی زێدەکی و سووی بانکی دەبێت .

**چوارەم :** خاوەن کار راستکاری (تسوية) دەکات لە هەمواری کەمی یان زیادە لە بڕی باجی لێبڕینی راستەوخۆ لە کۆتایی ساڵ لە ماوەی پێشکەش کردنی راپۆرتی ساڵانە بە (نمونەی ژمارە (م ٢) )بۆ باجی لێبڕینی راستەوخۆ .

**پێنجەم :** ئەگەر باجی نەدابوو لە وادەی دیاریکراودا، بە گوێرەی بەندی (دووەم) لەو ماددەیەی سەرەوە، ئەوا بەرێژەی (٥%)ی لە بڕی باجەکە زیاد دەکرێت و رێژەی زیاد کردنەکە دوو بەرابەر دەکرێت و دەبێتە (١٠%) دوای تێپەربوونی (٢١) رۆژ لەو رێکەوتەی کە دیاریکراوە بۆ باج دان .

**شەشەم :** خاوەن کار پابەند دەبێت بە دانی باج بە گوێرەی بەندی (دووەم) لەم ماددەیە، هەروەها پابەند دەبێت بەدانی سەرجەم ئیزافیەکان لە بەندی (پێنجەم)ی ئەم ماددەیە .

**حەفتەم :** ئەگەر باجی نەدا بە گوێرەی بەندی (دووەم)ی ئەم ماددەیە لە وادەی دیاریکراو، ئەوا سووی دواکەوتن(فائدە التأخير)ی دەکەوێتە ئەستۆ بە گوێرەی بڕیارێک کە لەلایەن وەزیری دارایی و ئابووری هەرێمەوە دەردەکرێت.

**هەشتەم :** خاوەن کار بەرپرسە لە دانی بڕی باجی بڕاوە بە گوێرەی حوکمەکانی ئەم رێنماییە بۆ بەشی لێبرینی راستەوخۆ. تەنانەت لە حاڵەتی نەبڕین لە مووچە و دەرماڵەی کارمەندەکان، خاوەن کار بۆی هەیە باجی بڕاوی کارمەندەکانی لە موچە و کرێی داهاتوویان بگێڕێتەوە .

## بەشی نۆیەم

## بەیان و راپۆرتەکان

### ماددەی نۆیەم/

سەبارەت بە ئامادەکرن و رێکخستنی بەیانات و راپۆرتەکانی وەرزی و ساڵانە بۆ لێبڕینی راستەوخۆ و وادەی پێشکەش کردنی بۆ بەشی لێبڕینی راستەوخۆ لە بەرێوەبەرایەتییەکانی باجی دەرامەتی تایبەتمەند بە گوێرەی ئەم ماددەیە رێ و شوێنی دیاریکراو دەگیرێتە بەر :

**یەکەم :** لە کۆتایی هەر وەرزێک لە وەرزەکانی ساڵ خاوەن کار کۆی داهاتی کارمەندەکانی (هەر کارمەندێک بەجیا) تۆمار دەکات، لەگەڵ شیکردنەوەی وردەکارییەکان، پاشان ئەژماری باجی بۆ دەکرێت دوای لێ دەرکردنی لێبووردنی یاسایی و داشکاندنە رێ پێدراوەکان کە لە ماددەی (٣) ئەم رێنماییەدا هاتووە .

١- لێبڕینی باج : باج بە شێوەی ڕاستەوخۆ لەلایەن خاوەن کار دەبڕدرێت سەبارەت بە لێبڕینی ڕاستەوخۆی تایبەت بە کرێکار و مووچە خۆرەکانی .

٢- بە جێگەیاندنی باج و ڕاپۆرت : ئەرکی سەرشانی هەموو خاوەن کارێکە ڕاپۆرتی وەرزی پێشکەش بکات بۆ بە جێگەیاندنی باجی لێبڕینی ڕاستەوخۆ (نموونەی (م١) ) بە جۆرێک بەهای باجی لێبڕینی ڕاستەوخۆ و باجی کەوتوو هەر چەندێک بێ، تەنانەت ئەگەر باجیشی نەکەوتبێتە ئەستۆ ، ئەمە هەر (٣) مانگ جارێک دەبێت بە مەرجێک لە (٢١)ی مانگی دوای سێ مانگەکە تێنەپەڕێت .

أ- هەموو ئەرک و مافێکی خاوەن کاری نا نیشتەجێی کوردستان دەگوازرێتەوە بۆ کارمەند و مووچەخۆری نیشتەجێ بە تایبەت لە بواری پێشکەش کردنی ڕاپۆرت و بە جێگەیاندنی باج (بۆ نموونە: ئەگەر کارمەند و مووچەخۆری عێراقی لە لایەنێکی دیبلۆماسی لە کوردستان کاری کرد) .

ب - ئەرکی سەرشانی هەموو کارمەندێکە کە لەلایەن خاوەنکارێکی نانیشتەجێ کار دەکات لە کوردستان، ڕاپۆرتی وەرزی پێشکەش بکات بۆ بەجێگەیاندنی باجی لێبڕینی ڕاستەوخۆ (نموونەی (م١) ) بۆ هەر وەرزێک، بە جۆرێک بەهای کرێ و موچەکەی و بەهای باجی کەوتوو هەر چەندێک بێت، تەنانەت ئەگەر باجیشی نەکەوتبێتە ئەستۆ لە یەکێک لە وەرزەکان، ئەمە هەر (٣) مانگ جارێک دەبێت بە مەرجێک لە (٢١)ی مانگی دوای سێ مانگەکە تێنەپەڕێت .

ج- بەجێگەیاندنی باجی کەوتوو یان سزای سەپێندراو بۆ مەبەستی لێبڕینی ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی بانکەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دەبێت، کە لەلایەن لایەنی پەیوەندیدارەوە دیاری دەکرێت .

باجدەر ڕاپۆرتی وەرزی خۆی پێشکەش دەکات لەگەڵ پشتگیری بانک (بۆ ئەوانەی باج یان سزایان دەکەوێتە ئەستۆ) بۆ بەشی لێبرینی ڕاستەوخۆ لە بەرێوەبەرایەتیە تایبەتمەندەکانی باج .

ڕاپۆرتی ساڵانە و بەیانات: ئەرکی سەرشانی هەموو خاوەن کارێک و هەموو کارمەندێکە کە لەلایەن خاوەنکارێکی نانیشتەجێ کار دەکات لە کوردستان، ڕاپۆرتی ساڵانە پێشکەش بکات بۆ بەجێگەیاندنی باجی لێبرینی ڕاستەوخۆ (نموونەی (م٢)) لەگەڵ پشکنینی ساڵانە کە کۆی داهاتی هەموو کرێکار و کارمەندان لەگەڵ بڕی باجی بڕاو دیاری دەکات (نموونە ژمارە (م٣)، بە جێگەیاندنی هەر باج و سزایەکیش پێش مانگی ئاداری هەموو ساڵێک دەبێ .

هەروەک دیارخستنی گۆڕینی کۆی ئەو کارمەند و مووچەخۆرانەی کە کاریان بەجێهێشتووە (نموونەی ژمارە (م٤) .

**دووەم :** ئەگەر خاوەن کار لە ماوەی دیاریکراو راپۆرت و بەیاناتی خۆی پێشکەش نەکرد، دەسەڵاتی دارایی رێگە نادات هیچ رێ و شوێن و مامەڵەیەکی خاوەن کار ڕایی بکرێت، لەبەر ئەوەی خاوەن کار باجی تەواوی خۆی نەداوە و تەواوی راپۆرت و بەیاناتی پێشکەش نەکردووە.

## بەشی دەیەم

## گەڕاندنەوەی باجی زیادە (اعادة الضريبة المحسومة زيادة)

**ماددەی دەیەم /**

دەسەڵاتی دارایی دوای پێشکەش کردنی داواکارییەکی نووسراو لەلایەن کارمەندەوە ئەگەر باجی زیادەی لێ وەرگیرابوو بڕی زیادەکەی بۆ دەگەڕێتەوە، دوای دڵنیابوون لەوەی کە باجی دیکەی نەکەوتۆتە سەر لە سەرچاوەی داهاتی دیکەوە.

## بەشی یازدەیەم

## یەکلابوونەوەی راپۆرتەکان (التحقق من التصاريح)

**ماددەی یازدەیەم/**

لە پێناو دڵنیابوون لە راستی و دروستی و یەکلابوونەوەی باج، دەسەڵاتی دارایی لە راپۆرتەکان دەکۆڵێتەوە و هەموارکردنی پێویست دەردەکات بۆ باج و سزا و سووی دواکەوتن لەمیانەی راگەیاندنێکی نوێی باج، ئەم هەموارکردنەش لەسەر بنچینەی سەرچاوەی ئەم زانیارییانەی خوارەوە دەبێت :

١- زانیاری بەدەستهاتوو لە راپۆرت و بەیانات .

٢- زانیاری بەدەستهاتوو کە لەلایەنی سێیەمەوە بەردەست دەبێت .

٣- ئەو زانیارییانەی لە ئەنجامی دەرسی مەیدانی و پرۆسەی پشکنین و تۆمارەکان و بەڵگەنامەکان هاتوونەتە دی .

٤- هەر زانیارییەکی تر کە دەستدەکەوێت .

## بەشی دوازدەیەم

## تانە و پێداچوونەوە بە ئەژمارکردنی باج

**ماددەی دوازدەیەم /**

**یەکەم :**

أ- خاوەن کار یان کارمەند بۆی هەیە تانە پێشکەش بکات لەسەر ئەو خەملاندن و بڕیارانەی تایبەتن بەخۆی لەکاتی بوونی هەڵە. پێشکەش کردنی تانە لە ماوەی (٢١) ڕۆژدا دەبێت لە ڕێکەوتی پێراگەیاندنی خەملاندن لەگەڵ روونکردنەوەی هۆیەکانی تانە و راستکردنەوەی پێویست، هەروەها لەگەڵ پێشکەش کردنی بەڵگەنامە پێویستەکان، دوای (٢١) ڕۆژ مافی تانەی نامێنێت .

ب- سەیری ئەو تانەیە ناکرێت ئەگەر خاوەنەکەی تەواوی باجی ئەژمارکراوی نەدابێت .

ج- دەسەڵاتی دارایی بۆی هەیە تانە ڕەت بکاتەوە یان قەبوڵ بکات، چ بەشێکی تانەکە یان هەمووی .

د- راگەیاندنی ئەنجامی دەرسکردنی تانە دەبێت بە شێوەی نوسراو بێت و هۆیەکانی روون کرابێتەوە. لە حاڵەتی قەبوڵ کردنی هەمووی یان بەشێکی تانەکە خاوەن کار یان کارمەند کە پێشتر باجی داوە بۆی هەیە ئەم بڕە پارانەی خوارەوە وەربگرێتەوە :

١- بڕی پارەی زیادەی دراوە .

٢- ئەو سووەی کەوتووەتە سەر ئەو بڕە پارە زیادەی دراوە .

**دووەم : تێهەڵچوونەوە لە ئەنجامی تانە بەم شێوەیە دەبێت :**

أ- تێهەڵچوونەوە لە ماوەی (٢١) ڕۆژدا دەبێت لە بەرواری پێراگەیاندنی ئەنجامی تانە، بە پێچەوانەوە داوای تێهەڵچوونەوەکە ڕەت دەکرێتەوە.

ب- کار لەسەر تێهەڵچوونەوە ناکرێت ئەگەر باجی ئەژمارکراوی نەدابێت.

ج- لە حاڵەتی قەبوڵ کردنی هەمووی یان بەشێکی تێهەڵچوونەوە خاوەن کار یان کارمەند کە پێشتر باجی داوە بۆی هەیە ئەم بڕە پارانەی خوارەوە وەربگرێتەوە :

١- بڕی پارەی زیادەی دراوە.

٢- ئەو سووەی کەوتۆتە سەر ئەو بڕە پارە زیادەی دراوە.

**ماددەی سێزدەیەم :** کار بەم ڕێنماییە دەکرێت لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی ( وەقائعی کوردستان ) .

**ماددەی چواردەهەم :** سەبارەت بە کارمەندانی کەرتی تایبەت تەنها کار بەم ڕێنماییە دەکرێت و ڕێنمایی ژمارە (٢) ی ساڵی /٢٠١١ ی بەڕێوەبەرایەتی گشتی باجەکان و خانووبەرەی میری کاری پێ ناکرێت .

**ماددەی پانزەهەم :** بۆ هەر ڕوونکردنەوەیەکی پێویست ، پرسیارەکانتان ئاڕاستەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی باجەکان و خانووبەرەی میری .

بـۆ ئاگاداریتان و کارپـێ کردنی ... لەگەڵ ڕێزدا.

**ڕابەر صدیق محمد**
**بریکاری وەزارەت بەوەکالەت**

**وێنەیەك بۆ/**

- سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان / بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا .
- پەرلەمانی کوردستان - عێراق / بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا .
- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ سەرۆکایەتی دیوان/ فەرمانگەی کاروباری دارایی/ بۆ ئاگاداریتان...لەگەڵ ڕێزدا.
- وەزارەتی داد / بەڕێوەبەرایەتی ڕۆژنامەی وقایعی کوردستان / بـۆ ئاگاداریتان و بڵاوکردنەوەی ... لەگەڵ ڕێزدا .
- ئەنجوومەنی دادوەری / بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا .
- دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان / بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا .
- فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون / بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا .
- دەستەی دەسپاکی / بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا .
- کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی / بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی بەڕێز بریکاری وەزارەت بە وەکالەت / بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا .
- دەستەی ڕاوێژکاران / بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا .
- بەڕێوەبەرایەتی گشتـی دیوان/ بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکان / بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا.
- گشت بەڕێوەبەرایەتیە گشتییەکانی سەر بە وەزارەتمان / بۆ گشتاندنی ... لەگەڵ ڕێزدا .
- بەڕێوەبەرایەتی گەنجینەی هەرێم/ هەولێر/ (١و٢)ی سلێمانی/ دهۆك/ گەرمیان/ سۆران/ ڕاپەرین/ ئاکرێ/ کۆیە/ زاخۆ/ چەمچەماڵ / ئامێدی / بۆ زانین و کاری پێویست .
- گشت بەڕێوەبەرایەتی و بەشەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتیمان .
- بەڕێوەبەرایەتی / دیراسات و لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون .
- دۆسیەی سوڕاو .



هەولێر/ تەنیشت پارکی سامی عبدالرحمان
تەلەفۆن : ٢٥٦٠٠٦٨ – ٢٥٦٠٠٦٩ – ٢٥٢٨٢٥٤
Hawller/ Beside Sami Abdulrahman Park
Phone: 2560068-2560069-2528254
Email: gd_finance@yahoo.com

٢٠١٧/٦/١١ سهام